www.kurdistannet.org

25-9-2005 16:04 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## پرسە و ماتەمینی بۆ ڕووحی هونەرمەند مەرزییە



لە ڕۆژی یەکشەمە ڕێکەوتی 9/25 لەسەعات 1 دوای نیوەڕۆ بەکاتی سدنی ئوسترالیالەلایەن کۆمەڵەی کۆمەڵگای کوردی و کۆمەڵەی کوردی نیوساوت وێڵس و بزوتنەوەی باڵای ڕیفڕاندۆم لە ئوستراليا هەڵسان بە سازدانی پرسە و ماتەمینی بۆ خوالێ خۆش بوو هونەرمەندی هەمیشە لە یاد نەچوو مەرزیە فەریقی، لە کتێبخانەی ناوچەی لیڤەر پوول، بە بەشداری بوونی چەندین لایەنە سیاسیەکان وەک یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و ڕێکخراوی کۆمەلەی ئێران و حزبی شوعی کوردستان و چەندین لایەن و هونەرمەند و شاعیر و ئەدیب و نوسەر و خەلکانێکی زۆر لە ئافرەتان و پیاوان بەژدار بوون، سەرەتا بە دەقەیەک وەستان بۆ گیانی پاکی شەهیدان و ڕێز لێنان بۆ گیانی پاکی هونەرمەند وە لە دوایدا بە چەندین دیمەن لە گۆرانیەکانی خوا لێ خۆش بوو پرسەکە دەستی پێ کرد وە هەریەک لە دوای یەک وتاری پرسەی خۆیان ئاراستەی ڕوحی پاکی هونەرمەند کرد و هونەرمەندانیش بە پارچە شعرێکی خەماوی دەردی دڵی خۆیان دەڕێشت، بۆ ماوەی 3 سەعات هەر بەم شێوەیە کۆتای بە تازیە و پرسەی خوالی بە تازیە و پرسەی خوالێ خۆش بوو تواو بوو.

هەزار سڵاو لەگیانی پاکی شەهیدان و هەموو ئەو هونەرمەندانەی دڵسۆزانە ژیانی خۆیان لە ڕێگای هونەری کوردیدا بەڕێ کرد، دووبارە سەرەخۆشی بۆ بنەماڵەی فەریقی و هونەرمەند ناسری ڕەزازی ڕادەگەێنین.



